مَن وَصَلَنِي وَصَلَه اللّه وَمَن قَطَعَنِي قَطَعَه اللّه

زنجیرەی رۆشن کردنەوەی دڵان

# گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی
# سیلەی رەحم



هێمن فاروق

1430 کۆچی

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF پەرەی فەرمی 📚 کتێبی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF




Scanned with CamScanner

# سیلەی رەحم

نوسینی

**هیمن فاروق**

١٤٣٠

Scanned with CamScanner

الله أكبر


ناوی کتێب • سیلەی ڕەحم

نووسەر • هێمن فاروق

تیراژ • ١٠٠٠ دانە

دیـزاین • خەلیل هیدایـەت

چاپی یەکەم

شوێنی چاپ • چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٩٠٦) ساڵی
٢٠٠٩ دراوەتێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله و على آله و صحبه و سلم.

أما بعــد :

## پێشەکی :

ئـەم نامیلکـەی لەبەردەسـتان دایـە کورتـە باسـێکە لەسـەر گەیانـدن و پـچڕاندنی خزمایـەتی (صـلة الـرحم) وە لەگـەڵ باسکردنی کەسی چاکەکار و کەسی تێکدەری نێوان خزمـان و خەڵکی، وە هۆی نووسینی ئەم نامیلکەیە بۆ ئەم دوو خاڵـەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- گەیاندنی خزمایەتی واجبە و پاداشتی گەورەی بۆ هەیـە، وە پـچڕاندنی خزمایـەتی لـە گوناهـە گەورەکانـە، وە سـزای تونـدی ئاراسـتە کـراوە لــە لایــەن خــوای گــەورە و پێغەمبەر (ﷺ)

٢- ئێمەی مسوڵمان دەبێ خۆمان بڕازێنینەوە بە خوڕەوشتی قورئان و سوننەت، وە خۆمان دووربگرین لە هـەڵس و کـەوتی کافران، خزمایەتی و هاتوچۆکردن لە لای ئەوان بایەخی نیە و



Scanned with CamScanner

ئەنجامی نادەن، ئێمەی مسوڵمان دەبێ بەپێچەوانەی کافران ڕەفتار بکەین، وە ئەم عیبادەتە زیندوو بکەینەوە و چاو لە کافران نەکەین.

## گرنگی (نیەت)

لە سەرەتای ئەم بابەتەدا بە باشم زانی کە باسێکی کورت لە (نیەت) بکەین کە مرۆڤی مسوڵمان لە هەموو عیبادەتێکی دا نیەتی خۆی بۆ خوای گەورە یەکلا بکاتەوە ، خۆی دوور بگرێ بە حەز کردن لە مەدحی خەڵکی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی دونیا، با تەنها عیبادەتەکە بۆ ئەوە بێ کە خوای گەورە لێی ڕازی بێت و لە بەهەشتی نزیك بکاتەوە و لە دۆزەخی بپارێزێت و گەیاندنی خزمایەتی بەعادەت وەرنەگرێت بەڵکو بیکات بەعیبادەت ، بەوەی هاتوچۆکردنی خزمان و سەردانی کەسانی نزیك بۆ دونیا و شەرمەزاربوون نەبێ، بەڵکو لەبەر خاتری خوای گەورە بێت ، ئەگەر بۆ خوای گەورە بکات ئەوا ئەم پاداشتانە وەردەگرێت.

١- دەبیت بە خۆشەویستی خوای گەورە :

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) أنَّ رجلاً زارَ أخاً له في قريةٍ أخرى فأرصَدَ الله تعالى على مَدرَجَتهِ مَلَكاً، فلما



Scanned with CamScanner

أتى عليه قال : أينَ تريد ؟ قال: أريد أخاً لي في هذه القرية، قال هل عليه مِن نعمةٍ تربُّها عليه ؟ قال : لا، غير أني أحببْتُهُ في الله تعالى، قال : فإني رسول الله بأنَّ الله قد أحبَّك كما أحبَبْتَهُ فيه. رواه مسلم (٢٥٦٧).

پیاوێك چووه سەردانی برایەكی لە گوندێكی تر، خوای گەورە فریشەیەكی ناردە سەر ڕێگای و چاوەڕێی كرد تا پیاوەكە گەیشتە لای فریشتەكە ، فریشتەكە لێی پرسی بۆ كوێ دەچی ؟ پیاوەكە وتی : دەچمە سەردانی برایەكم كە لەم گوندەیە، فریشتەكە وتی : باشە ئەو كەسە چاكەی لەسەر تۆ هەیە تۆش دەتەوێ چاكەكەی بدەیەوە ؟ پیاوەكە وتی : نەخێر هیچ بەرژەوەندیەكم لەگەڵی دا نیە بێجگە لەوەی من خۆشم دەوێ لەبەر خاتری خوای گەورە، فریشتەكە وتی : من نێردراوی خوای گەورەمە بۆ لای تۆ، خوای گەورە تۆی خۆش دەوێ وەكو چۆن تۆ ئەو كەسەت خۆش دەوێ لەبەر خاتری ئەو.

٢- پێغەمبەر (ﷺ) موژدەی بەهەشتی بەو كەسانە داوە كە تەنها لە پێناوی خوای گەورە سەردانی یەكتری دەكەن، وە لە گەڵ پێغەمبەران و راست گۆیان باسی كردووە.

عن أنس (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: (ألا أخبركم برجالكم في الجنة ؟ قلنا بلى يارسول الله، قال: (النبي في الجنة، والصديق في الجنة، والرجل يزورُ أخاه في ناحية المصر لا يزوره إلا لله في الجنة) رواه الطبراني، الترغيب و الترهيب (٢/٢٩٩).

٣- ئەو کەسانەی سەردانی یەکتری دەکەن لە پێناوی خوای گەورە حەفتا هەزار فریشتە بۆی دەپارێنەوە، فریشتەکان دەڵێن : ئەی خوایە گیان وەکو چۆن خزمایەتی و رەحمی گەیاندووە تۆش رەحمی خۆتی پێ بگەیەنە.

عن أبي رُزَين العُقيلي (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ) (يا أبا رُزَين إنَّ المسلم إذا زارَ أخاه المسلمَ شَيَّعهُ سبعون ألف مَلَك يُصلّون عليه، يقولون : اللهم كما وَصَلَهُ فيك فَصِلْهُ) الترغيب و الترهيب (٢: ٢٩٩).

٤- خوای گەورە لە بەهەشت خانوو و ژووری وای بۆ ئامادە کردووە کە لە ژوورەوە دەرەوەی دیارە، وە لە دەرەوەش ژوورەوەی دیارە.

عن بُرَيدة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: (إنَّ في الجنة غُرَفاً تُرى ظَواهِرها مِن بَواطِنها، و بَواطِنها مِن ظَواهِرها أعَدَّها

اللهُ....... و المتزاورين فيه...)  رواه الطبراني (٢٩٩/٢) الترغيب و الترهيب.

## باسكردنی ئەم عیبادەتە لە قورئانی پیرۆز

١- قـــال تعـــالى: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـًٔا وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنًا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ..... ﴾ النساء : ٣٦

خوای گەورە لەگەڵ باسکردنی عیبادەت کردنی خۆی (سبحانه وتعالى) باسـی گەیانـدنی خزمایـەتی کـردووە کـە چـاکەیان لەگەڵدا بکەین.

٢- قـــال تعـــالى :﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ﴾ النساء : ١

ئەی خەڵکینـە تـەقوای خـوای گـەورە بکـەن بـەو پەیمانانـەی دەیدەن بە خـوای گـەورە و تـەقوای خـوای گـەورە بکـەن لـە خوای گەورە بترسن خزمایەتی نەپچڕێنن کۆچ نەکەن لەخزم و کەستان بەڵکو چاکەیان لەگەڵ بکەن و خزمایـەتی بگەیـەنن . خزمایـەتی کـردن تـەنها سـەردان کـردن ناگرێتـەوە بـەڵکو



Scanned with CamScanner

ماناکەی فراوانترە وەکو دوعاکردن بۆ خزمان و یارمەتی دانیان لەسەر چاکە و هاوکاری کردنیان، وە لادانی زەرەر و زیان لەسەریان، ئەمانە هەمووی سیلەی رەحم دەگرێتەوە.

٣- قال تعالى : ﴿ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰ أَبْصَارَهُمْ ﴾ محمد:(٢٢-٢٣)

ئەگەر واز لە قورئان و سوننەت بهێنن ، وە بگەڕێنەوە سەر خورەوشتی جاهیلی وەکو فساد بلاۆکردنەوە و کوشتنی بەناهەق، وە خزمایەتی پچڕاندن ، کەواتە هەر کەسێك پەیوەندی لەگەڵ خوای گەورە پچڕاند و پەیوەندی لەگەڵ خزمان پچراند ئەوا توشی ئەم هەڕەشە گەورەیە دەبیٚ، ئەگەر تەماشا بکەین خوای گەورە فەسادی بەشێوەیەکی گشتی باسکردووە، وە لەبەر گەورەیی ئەم گوناهە کە پچڕاندنی خزمایەتییە بەشێوەیەکی تایبەتی باسکردووە (لعنهم الله) خوای گەورە نەفرەتیان لیٚ دەکات و دووریان دەخاتەوە لە رەحمەتی خۆی (فأصمَّهم) گوێیان کەڕ دەکات



Scanned with CamScanner

لەئاست وەرگرتنی هەق ، هەقی پێ نابیستن (وأعمى أبصارهم) ئەمجارە مانای هەق نابینن و نایناسنەوە و هەق و باتڵ لێك جیاناکەنەوە.

بە خۆی گوێ و چاو زانیاری ڕاست دەدەنە ناخەوە ئەگەر ئەم دوو بەشە پەکیان کەوت ئەوا خێر و چاکە ناچێتە ناخەوە دەبێتە کەسێکی بێ سوود، پچڕاندنی خزمایەتی لە گوناهە گەورەکانە لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەم هەڕەشە گەورانەی ئاراستەی ئەو کەسانە کردووە بە خۆداچوونەوە لەم بابەتە کارێکی گرنگ و پێویستە.

## باس کردنی ئەم عیبادەتە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

١- عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال:(......و مَن كان يؤمِنُ بِاللهِ و اليوم الآخر فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)

البخاري و مسلم.

دەفەرموێ هەر کەسێك باوەڕی بەخوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەبێت ئەوا با هەقی خزمایەتی بگەیەنێ، مسوڵمانی بەڕێز ئەگەر دەڵێی باوەڕم بە پەروەردگار هەیە، وە دەڵێی خۆشم دەوێ، ئەگەر دەڵێی باوەڕم بە ڕۆژی دوایی هەیە کە ڕۆژی



Scanned with CamScanner

لێپرسینەوەیە لەسەر گوناە و پاداشت وەرگرتنەوەیە لەسەر چاکە ئەوا ئەم عیبادەتە گەورەیە زیندوو بکەوە پشت گوێی مەخە ، ئەگەر پەیوەندی خزمایەتیت پچڕاندووە لەبەر چیە ؟ لەبەر ئەوەی بێ باوەڕن هاتوو چۆیان ناکەیت ؟ نەخێر! لەبەر ئەوەی دووژمنی دینن ؟ نەخێر ! لەبەر ئەوەی جنێویان بە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) داوە ؟ نەخێر! لەبەر چی ؟ ئەگەر لێبکۆڵینەوە لەسەر دونیایەکی بێ وەفا و بڕاوەیە.

٢- عن رجل من خَثْعَم قال : أتيتُ النبيَّ (ﷺ) وهو في نفرٍ من أصحابه فقلتُ : أنتَ الذي تزعم أنَّك رسول الله : قال : نعم، قال : قلتُ يا رسول الله أيُّ الاعمال أحَبُّ الى الله ؟ قال (الإيمان بالله) قال : قلتُ يارسول الله ثم مَه ؟ قال (ثم صِلة الرحم) قال: قلتُ يارسول الله ثم مَه ؟ قال (ثم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) قال: قلتُ يا رسول الله أيُّ الاعمال أبغض الى الله؟ قال: (الإشراك بالله) قال : قلتُ يارسول الله ثم مَه ؟ قال (ثم قطيعة الرحم) قال : قلتُ يارسول الله ثم مَه ؟ قال (ثم الأمر بالمنكر والنهي عن المعروف). ابو يعلى ٢/٢٧٩ الترغيب و الترهيب.



Scanned with CamScanner

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) بە پێغەمبەری فەرموو تۆ دەڵێی من نێردراوی خوام ؟ فەرمووی بەڵێ ، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا خۆشەویسترین کردەوە لەلای خوای گەورە چیە؟ فەرمووی باوەڕهێنان بە خوای گەورە، وتی ئەی لە دوای ئەو چ کردەوەیەك ؟ فەرمووی گەیاندنی خزمایەتی، وتی پاشان چی؟ فەرمووی فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە، وتی ئەی ناشرینترین کردەوە کە خوای گەورە ڕقی لێ ببێتەوە؟ فەرمووی هاوبەشی پەیداکردن بۆ خوای گەورە، وتی پاشان چی ؟ فەرمووی فەرمان کردن بە خراپە و نەهی کردن لە چاکە.

بزانە لەپاش باوەڕ بوون بە خوای گەورە ، خوای گەورە گەیاندنی خزمایەتی پێ گەورەیە و تایبەتیەکی زۆری بۆ داناوە ، وە خراپترین کردەوە لە لای خوای گەورە پاش هاوبەشی پەیداکردن پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتیە.

مسوڵمانی خۆشەویست چۆن گەیاندنی خزمایەتی گەورەیە لە لای خوای گەورە با لای تۆش گەورە بێت کاری پێ بکە ، چۆن خوای گەورە ڕقی لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی دەبێتەوە با ئێمەش ڕقمان لێ ببێتەوە خۆمان لێی بپارێزین و پەیوەندی خزمایەتی نەپچڕێنین.

٣- عن ابي هريرة (رضى الله عنه) عن النبى (ﷺ) قال: (لايَدخُلُ الجنةَ قاطِعُ الرحم) البخاري.

تووندترین هەڕەشە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ ئەو کەسانەی پەیوەندی خزمایەتیان پچڕاندووە ناچنە بەهەشت ، بە مانای ئەوە نیە کە هەتا هەتایە ناچنە بەهەشت ، بەڵکو لەبەر گەورەیی ئەم گوناهە چوونە بەهەشتیان دوادەکەوێ و سزای خۆیان وەردەگرن پاشان دەچنە بەهەشت. پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی یەکێکە لە گوناهە گەورەکان مسوڵمانی عاقڵ دەبێ خۆی لێ بپارێزێت.

٤- عن أبي أيوب (رضي الله عنه) أن أعرابياً عرضَ لرسول الله (ﷺ) و هو في سَفَرِ فأخذ بِخِطامِ ناقَتِهِ أو بِزِمامِها ثم قال: يارسول الله أو يا محمد أخبرني بما يُقَرِّبُني من الجنة، ويُباعدني من النار، قال : فَكَفَّ النبي ثم نظر في أصحابه ثم قال : لقد وُفِّقَ أو لقد هُدِيَ، قال : كيف قلت ؟ فأعادَها قال النبي (ﷺ) تَعبد الله و لا تُشرك به شيئاً و تُقيم الصلاة وتؤتي الزكاة وتَصِلُ الرحم دعِ الناقة فلمّا أدبر قال



Scanned with CamScanner

رسول (ﷺ) إن تمسَّك بِما أمرته به دخل الجنة) رواه البخاری و مسلم.

ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەڵێ کابرایەکی دەشتەکی هاتە پێش پێغەمبەر (ﷺ) لەو کاتەی لە سەفەردا بوو جلەوی حوشترەکەی پێغەمبەری گرت و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا خەبەرم پێ بدە چ کردەوەیەك لە بەهەشتم نزیك دەکاتەوە و دوورم دەکاتەوە لە دۆزەخ ؟ پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لەسەر یەك دانا پاشان تەماشای یاوەرەکانی کرد پاشان فەرمووی ئەو کابرایە سەرکەوتوو بوو یان ڕێنمایی کرا، فەرمووی چۆنت ووت ؟ کابراش پرسیارەکەی دووبارە کردەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەندایەتی بۆ خوای گەورە بکەی بەهیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەی، وە نوێژەکان ئەنجام بدەی و زەکات بدەی، وە خزمایەتی بگەیەنی ، ئێستا واز لە حوشترەکەم بهێنە ، کابرا ڕۆیشت پشتی تێکرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر دەست بەو فەرمانانە بگرێ کە من فەرمانم پێ کرد دەچێتە بەهەشت.

پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر گرنگی پرسیارەکە :

أ / هەڵوەستەیەکی کرد و سەیرێکی یاوەرەکانی کرد.

ب/ پرسیارەکەی پێ دووبارەکردەوە.



Scanned with CamScanner

ج/ گەیاندنی خزمایەتی ڕیزبەند کردووە لەگەڵ بەندایەتی کردنی خوای گەورە و هاوبەشی پەیدانەکردن بۆی، وە نوێژکردن و زەکات دان ، ئەو کەسەی نوێژ و ڕۆژوو و زەکات دەدات بە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی ئەو نوێژ و ڕۆژوو و زەکات دانەی کاریگەری زۆر نابێت بۆ چوونە بەهەشت ، ئەگەر بەڕاستی خوای گەورە دەپەرستیٚ دەبێت نوێژ بکات ڕۆژوو بگرێت و زەکات بدات وە هەروەها خزمایەتی بگەیەنیٚ.

٥- عن عائشة (رضی الله عنها) عن النبی(ﷺ) قال : (الرَّحم مُتَعَلِّقة بالعرش تقول : مَن وَصَلَني وَصَلَهُ الله ومَن قَطعني قطعهُ الله) رواه البخاری ومسلم.

ڕەحم بە عەرشی خوای گەورە هەڵواسراوە دوعا دەکات دەڵێت: هەر کەسێك منی گەیاند (واتا خزمایەتی گەیاند) خوای گەورە ڕەحمی پیٚ بکات ، وە هەرکەسێك منی پچڕاند (واتا پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند) خوای گەورە ڕەحمی خۆی لەسەر بپچڕێنیٚ.

بۆچی خوای گەورە ڕەحممان پیٚ ناکات ؟ بۆچی لە ناخۆشی دەژین ؟ ئێمە لە هەموو کات و شوێنێك پێویستیمان بە ڕەحمی خوای گەورە هەیە، ئێمە خۆمان وا دەکەین کە خوای بەڕەحم ڕەحممان پیٚ نەکات، ئەم ڕەحمەمان پچڕاندوە

داوای ڕەحمەتیش لە خوای گەورە دەکەین ، ئەمە مەحاڵە کە خوای گەورە ڕەحممان پێ بکات، باشترین و ئاسانترین ڕێگا کەوا خوای گەورە ڕەحم بە حاڵمان بکات ئەوا دەست بکەین بە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئەو کات ڕەحمەتی خوای گەورە وەکو باران بەسەرماندا دەبارێت.

عن عبدالرحمن بن عوف (رضي الله عنه) قال : سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: (قال الله تعالى: أنا الله وأنا الرحمن خَلَقتُ الرحمةَ وشقَقْتُ لها إسماً من إسمي فَمَن وَصلَها وَصلْتُهُ و مَن قَطَعَها قَطَعتُهُ أو قال بَتَتُّه) رواه ابوداود.

لەم فەرموودە قودسیە خوای گەورە دەفەرموێ من (الله)م، من (الرحمن)م من ڕەحمم دروست کردووە، ناوێکم بۆ داناوە ناوەکەم جیا کردۆتەوە لە ناوی خۆم هەر کەسێك بیگەیەنی منیش ڕەحمی پێ دەکەم هەر کەسێك بیپچڕێنێ منیش ڕەحمی خۆمی لەسەر دەپچڕێنم.

٦- عن عمرو بن العاص (رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ) قال: (ليس الواصِلُ بالمُكافِيء ولكنَّ الواصِلَ الذي إذا قطعت رحمه وصلها) رواه البخاري.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ گەیاندنی خزمایەتی بە بەرامبەر نیە ئەو هاتووە منیش دەچم بەڵکو گەیاندنی خزمایەتی

ئەوەیە کە کاتێك بەرامبەرەکەی پچڕاندیشی ئەو هەر نەیپچڕێنی و بیگەیەنی.

زۆر لە مسوڵمانان چاوەڕوانی هاتنی خزمی بەرامبەری دەکات ئەگەر ئەو سەردانی بکات ئەویش سەردانی دەکات ئەو چوونەی لایەنی دووەم ناچێتە بازنەی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ، بەڵکو گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ئەوەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەی پچڕاندیشی ئەو هەر بەردەوام بێت سەردانی بکات.

سێ زاراوە هەیە کە بیزانین :

أ: الواصل گەیاندنی خزمایەتی بێ بەرامبەر ، ئەم جۆرە خوا پێی ڕازیە.

ب: المكافي سەردانی خزمانە بەڵام بە بەرامبەرە بۆ خوای گەورەی نیە، ئەم جۆرە بە عیبادەت قبووڵ ناکرێت.

ج: القاطع پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتیە دوعایان بۆ ناکات یارمەتیان نادات. ئەم جۆرە خراپترین جۆرە کە خاوەنەکەی دەخاتە ناو دۆزەخ و دووری دەکاتەوە لە بەهەشت و نەفرەتی خوای گەورەشی لێ دەبێت.

مسوڵمانی باوەڕ بە خوا و ڕۆژی دوایی و نوێژکەر ئەگەر بەرامبەرەکەی سەردانیشی نەکات ئەو هەر دەچێت بۆ

سەردانی دەبا ئەم وەسیەتنامەی پێغەمبەر (ﷺ) بخوێنینەوە کە بە ئەبو ذەری فەرموو :

عن أبي ذر (رضي الله عنه) قال : (أوصاني خليلي بِخِصال مِن الخير...... وأوصاني أن أصِلَ رحمي و إن أدبر) رواه الطبراني و ابن حبان ٢/٢٨٠ الترغيب و الترهيب.

واتە : خۆشەویستەکەم وەسیەتی کردم بە چەند ڕەوشتێکی باش یەك لەو وەسیەتانەی کە خزمایەتی بگەیەنم، ئەگەر ئەوانیش پشتیان تێکردم. مسوڵمانی خۆشەویست: ئەگەر خزمانی تۆ هاتوچۆت ناکەن تۆ خزمایەتی بگەیەنە وەسیەتی خۆشەویستەکەت جێ بەجێ بکە.

ئەو کەسەی کە بەردەوام ڕوو لە چاکەیە لەگەل خزمەکانی سەردانیان دەکات و چاکەیان لەگەڵ دەکات و لە خراپەکانیان دەبورێت ئەوانیش بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن ئەوا ئەوکەسە چاکەکارە خوای گەورە لەگەڵی دایە بابەردەوام بێت لەم سیفەتە جوانە ئیسلامیە.

عن أبي هريرة (رضى الله عنه) أنَّ رجلا قال : يا رسول الله (ﷺ) أن لي قَرابةً أصِلُهُم ويَقطعوني وأحسنُ إليهم و يُسيئونَ إليَّ، وأحلُمُ عنهم و يجهلون عليَّ فقال (لئن كنتَ كما

قلتَ، فكأنَّما تَسِفُهم المَـلَّ ولا يـزال معك مِـن اللهِ ظهيرٌ عليهم مادمتَ على ذلك) رواه مسلم ٢٥٥٨.

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) وتـی ئـەی پێغەمبـەری خـوا من خزمم هەیە خزمایەتیان لەگـەڵ دەکـەم ئـەوان خزمایـەتیم لەگەڵ ناکەن و دەیپچڕێنن من چاکەیان لەگەڵ دەکـەم ئـەوان خراپەم لەگەڵ دەکەن کاری ناشرین و نابەجێم لەگەڵ دەکـەن من لێیان خۆش دەبم پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەگـەر وا بـێ کـە باسـت کـرد ئـەوە وەکـو وایـە خـۆری سـور کراوەیـان دەرخوارد بدەی، مەبەستی چۆن ئـازارێکی زۆر لـە دوای ئـەم خواردنە بەجێ دەمێنێ لەسەریان ئـاوا گونـاهێکی زۆریـان بـۆ دەمێنێتەوە و خوای گەورە پشتی تۆ دەگـرێ و لەگـەڵ تۆیـە تا تۆ بەردەوام بی لەم رەفتارە، بـەو سیفەتە جوانانـەی کـە هاتوچۆی ماڵی خزمەکەت نەپچراند سەرەرای ئەم خراپەی کە دەرهەقت کرا.

## لێخۆشبوون گەورەترین خورەوشتە

مسوڵمانی لـە خـوا تـرس دەبـێ گیـانی لێخۆشـبوونی تێدابێ بەتایبـەتی لێخۆشـبوونیان بەرامبـەر بـە خـزم و کەسـیان و لەخراپـەیان خـۆش بـێ و بەخراپـەی ئـەوان نـەکات ئەمـە گەورەترین و بەرێزترین خورەوشتە.

عن علي (رضي الله عنه) قال : النبي(ﷺ) (ألا أدُلُّكَ على أكرَمِ أخلاق الدنيا و الآخرة : أن تَصِلَ مَن قَطَعَك، و تُعطي مَن حَرَمَك، و أن تَعفوَ عمّن ظَلَمَك) رواه الطبراني، الترغيب والترهيب.

ئیمامی علی (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : بەڕێزترین خوڕەوشتی دونیا و قیامەتت پێ بڵێم فەرمووی :

أ / خزمایەتی لەگەڵ ئەو خزمانە بکەی کە ئەوان خزمایەتیت لەگەڵ دەپچڕێنن.

ب/ پارە و سامان بدەیە ئەو کەسانەی کە نەیان داوەتە تۆ لەوکاتەی کە تۆ داوات لێکردوون.

ج/ لەو کەسانە خۆشبی کە خراپەیان لەگەڵت کردووە، ئەم سێ سیفەتە جیهاد و خۆ ماندوو کردنی دەوێ تا بتوانیت لەخۆیی بڕازێنیتەوە، لە خەلك خۆش بوون بەتایبەتی لە خزمان پاداشتی ئەم کردەوەیە لای خوای گەورەیە بەخۆی (سبحانه وتعالى) پاداشتی دەداتەوە.

قال تعالى﴿.... فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ﴾

الشورى:٤٠

هـەر کەسـێك لـە خراپـەی بەرامبەرەکـەی خـۆش بـێ و پەیوەندی چاك بکاتەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەی ئەوا پاداشتی زۆر گەورەیە، وە خوای گـەورە بـەخۆی پاداشـتی دەداتـەوە، دەبێ خوای (واسع) خوای (کبیر) خوای (غنی) خوای (کریم) خوای (مالك الملك) خـوای (الـرحمن) چ پاداشـتەکی گـەورەی ئامادە کردبێ بۆ ئەم جۆرە کەسانە کە لەخـەلکی دەبـوورن و پەیوەندیان چاك دەکەنەوە.

یەك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (العفو) لێخۆشبوونە، وە لێخۆشبوونیـــشی خـــۆش دەوێ کەواتـــە لیخـــۆش بـــوون کردەوەیەکە خوای گەورە زۆری پێ خۆشە، کە دەڵێی حـەزم لێیە کردەوەیەك ئەنجام بدەم لای خوای گەورە خۆشەویست بێت ئەوا لێبووردنە. (اللهم إنَّك عَفوٌ تُحِبُّ العفوَ فاعفُ عنّي) الترمذي (٣٥١٣).

خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات کە لە خـەڵکی ببـورین قـال تعـــــالی ﴿ خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾ الأعراف ١٩٩

فەرمانی خوای گەورە مەشکێنە لە خەلکی خۆش بە و گیـانی لێبووردەییت هەبێت چونکە باوەڕی مـسوڵمان پێکهـاتووە لـە



Scanned with CamScanner

دەفەرموێ: (السماحة والصبر) النسائي و احمد في كتاب (الإيمان).

گیانی لێبووردەیی لە خەلکانی خراپ و ئارام گرتن لەسەر ئەزیەت و ئازارەکانیان لە باوەڕەوەیە.

شەیتان زۆر جار دێتە لای ئەو کەسانەی کە خراپەیان دەرهەق کراوە ، دەڵێ لێی خۆش مەبە، تۆ پیاوی، تۆ لەسەر قسەی خۆت بە و هاتوچۆی مەکە و خۆت زەلیل مەکە و چۆن لە هەقی خۆت خۆش دەبی ، ئەمانە هەمووی وەسوەسەیە فێڵی شەیتانە ، بزانە پێغەمبەر (ﷺ) چی دەفەرموێ لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لە خەلکی دەبوورن پێ بچووك دەبنەوە یان گەورەو بەڕێز دەبن ؟

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال:
(...وما زادَ اللهُ عبداً بِعَفوٍ إلا عِزّاً) رواه مسلم.

بە عەفوکردنی تۆ زەلیل نابی، کەم نابی، شەرمەزار نابی کە تۆڵەی خۆت نەکردۆتەوە بەڵکو یەك شت لەسەرت زیاد دەبێت ئەویش پێی گەورە دەبی و بەڕێز دەبی لەلای خوای گەورە و لە پێش چاوی خەلکی.



Scanned with CamScanner

٧- عن أنس (رضي الله عنه) قال أنَّ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قال :
من أحبَّ أن يُبْسَطَ له في رزقه و يُنْسأَ له في أثره فَليَصِل رحمه) متفق عليه.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ هەرکەسێك حەز دەکات رزقی فراوان بێت و تەمەنی درێژ بێت با خزمایەتی بگەیەنێ، ڕێگای رزق فراوانی و ڕێگای درێژ بوونی تەمەن سەردانی خزمانە.

تێبینی:- مەبەست لە تەمەن درێژ بوون دوو مانای دەگەیەنێ:

أ- بە هۆی ئەم خزمایەتیە خوای گەورە سەرکەوتووت دەکات لە ژیانت و چاکەت زۆر دەکات بەقەدەر کەسێکی دیکە کەتەمەنی (١٠٠-٢٠٠) ساڵ بێ ، وەیان هەتا تۆ ماوی و لەدوای مردنیشت ناوت دەمێنێت و لە چاکە کاران باس دەکرێیت.

ب- بە حەقیقەت تەمەنت درێژ دەبێت، خوای گەورە بەخۆی زانایە بە تەمەنت بەڵام ئەوەی کە وای کردووە کە خوای گەورە تەمەنت درێژ بکات ئەم عیبادەتەیە ، بە مانایەکی تر ئەوەیە کە خزمایەتیش دەگەیەنێ و هات و چۆیان دەکەی.
ئەوا ئەو کەسە لە حقد و حەسودی و ڕق لێبوونەوە بەردەوام تەندروستێکی باشی دەبێت و نەفسیەتێکی باشی دەبێت و

دەم و چاوێکی گەشی دەبێت ، لە ئەنجامدا دوور دەبێت لە نەخۆشی کوشندە و بە پێچەوانەی ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی نەپچڕێنی ئەو حقد و حەسودی و ڕق و کینەی زۆری بۆ دروست دەبێ نەفسیەتێکی خراپی دەبێت ، ئەم حقد و ڕق و کینە کاری تێدەکات نەخۆشیەکی کوشندەی بۆ دروست دەکات تەمەنی بە کورتی کۆتایی دێت.

عن ابي هريرة (رضـي الله عنـه) قـال سمعت رسـول ألله (ﷺ) (تَعَلَّموا مِن أنسابكم ما تَصلون به أرحامكم ، فإنَّ صِلة الرحم مَحَبَّةٌ في الأهل مَثراة في المال مَنسَأةٌ في الأثر) الترمذي، الترغيب والترهيب.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ ئێوە خزم و کەسەکانتان بە منداڵەکانتان بناسێنن و زانیاریان پێ بدەن لەبەر ئەوەی گەیاندنی خزمایەتی خۆشەویستی دروست دەکات و رزق و ڕۆزی فراوان دەکات و تەمەنیان درێژ دەکات.

٨- عن أبي بكر (رضي الله عنه) قـال : قـال رسـول الله (ﷺ) (مامن ذنب أجدَرُ أن يُعَجِّلَ أللهُ لصاحبِهِ العقوبة في الدنيا مع ما يُدَّخِرهُ في الآخرة مِن البغي وقطيعة الرحم) ابن ماجة وترمذي، الترغيب والترهيب.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ هیچ گوناهێک شایەنی ئەوە نیە کە خوای گەورە خاوەنەکەی سزا بدات هەر لەسەر دونیا و سزاشی بۆ هەڵگرێ بۆ ڕۆژی دوایی وەکو خواردنی مافی خەڵکی یان وەکو زوڵم کردن لێیان و پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی.

کەواتە مسوڵمانی خۆشەویست ئاگاداربە ئەم دوو گوناهە لەسەر دونیا سزای وەردەگری، خۆتی لێ بپارێزە ، هەقی خەڵکی مەخۆ و زوڵم لەکەس نەکەی بەهیچ شێوەیەک خزمایەتی نەپچڕێنیت. عن جابر (رضى الله عنه) قال : خرج علينا رسول الله (ﷺ) و نحن مجتمعون فقال: (يا معشر المسلمين اتقوا الله و صِلوا أرحامَكُم فإنَّهُ ليس مِن ثواب أسرعُ مِن صِلة الرحم و إياكم و البغي فإنَّهُ ليس مِن عقوبة أسرعو من عقوبة بغى واياكم وعقوق الوالدين فان ريح الجنة توجد من مسيرة ألف عام والله لايجدها عاق ولا قاطع رحم و لا جار إزاره خيلاء إنَّما الكبرياءُ لله رب العالمين) رواه الطبراني الترغيب والترهيب.

جابر (ڕەزای خوای لەسەر بێ) دەفەرموێ : ئێمە کۆببووینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) لێمان هاتە ژوورەوە فەرمووی ئەی گەلی مسوڵمان لە خوا بترسن و خزمایەتی بگەیەنن لەبەر

ئـەوەی خێراتــرین پاداشــت کــە وەری بگــرن لەگەیانــدنی خزمایەتیــە، لــە هــیچ عیبادەتێـك پاداشــتی خێـرا وەرنـاگرن بێجگە لە عیبادەتی گەیاندنی خزمایەتی و لە هیچ عیبادەتێـك پاداشــتی خێـرا وەرنـاگیرێ بێجگـە لـە عیبـادەتی گەیانـدنی خزمایــەتی و ئاگــاداری زیــادەڕەوی بــن، زیــادەڕەوی نەکــەن لەســـەر هـــەقی خـــەڵکی لەبـــەر ئـــەوەی هـــیچ ســـزایەك خێـــرا نادرێتـــەوە خاوەنەکـــەی بێجگـــە لـــە گونـــاهی هـــەق خـــواردنی خەلکی ، وە ئاگاداری ئەزیەت دانی دایك و باوکتان بـن لەبـەر ئـــەوەی بـــۆنی بەهەشـــت لـــە دووری هـــەزار ســـاڵە ڕێ بـــۆنی دەکرێ، فەرمووی ئـەم بۆنـە کەسـی ئەزیـەت دەر بـۆ دایـك و باوکی و ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایـەتی دەپـچڕێنێ و ئـەو کەسەی جل و بەرگی درێژ لەبەر دەکات بـۆ خـۆ بـەزل زانـین بۆنی ناکات و خۆ بەزل زانین تەنها بۆ (الله) ی پـەروەردگاری جیهانە.

بۆ پاراستن لە کارەساتی چاوەڕوان نەکراو بۆ کار ئاسانی لـە سەر دونیادا ئەوا عیبـادەتی گەیانـدنی پەیوەنـدی خزمایـەتی ئەنجام بدە، چونکە پاداشتی سەردانی خزمانـت دوا ناکـەوێت هــەر زوو دێتـــەوە پێـــشت ، وە ئـــەو کەســـەی پەیوەنـــدی خزمایەتی دەپچڕێنێ بۆنی بەهەشت ناکات ئەگەر چی بۆنەکە

هەزار ساڵە ڕێ دەڕوات. برا و خوشکی مسوڵمان تاکەی وا دەکەی ئەو بۆنە لەسەر خۆت حەڕام دەکەیت تاکەی !!! تا مردن ؟ ئەو کات پەشیمان بوونەوە دادت نادات.

٩- دوعا و پاڕانەوەی ئەو کەسانەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن گیرا نابێت.

عن الاعمش قال : كان إبن مسعود جالساً بعد الصُبحِ في حلقة فقال : (أنشدُ اللهَ قاطعَ رَحمٍ لمّا قامَ عنّا فإنا نُريد أن ندعوَ ربَّنا، و إنَّ أبواب السماء مُرتجة دون قاطع رحم) رواه الطبراني، الترغيب والترهيب (٢/٢٨٥).

عبدالله ی کوڕی مەسعود (ڕەزای خوای لەسەر بێ) جارێکیان لە پاش نوێژی بەیانی دانیشت بوو لە شێوەی بازنەیی وتی: لەبەر خوای گەورە پێت دەڵێم ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندوە لەناومان هەڵسە ئێمە دەمانەوێ لە خوای گەورە بپاڕێینەوە لەبەر ئەوەی دەرگاکانی ئاسمان داخراوە لە ڕووی ئەو کەسانەی پەیوەندی خزمایەتیان پچڕاندووە.

ئەگەر لە ژیانت هەر دوعای دەکەی قبول نابێت تۆ هۆکاری، خوای گەورە (مجیب) ە (سمیع)ە (کریم)ە خۆت پەیوەندی خزمایەتیت پچڕاندووە بۆتە هۆی قبوڵ نەبوونی دوعاکەت.



Scanned with CamScanner

١٠- عن سلمان بن عامر (رضى الله عنه) عن النبي(ﷺ) (الصدقة على المسكين صدقة ، وعلى ذي الرحم إثنتان: صدقة و صلة) رواه الترمذي.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ بەخشین بەسەر مسوڵمانان یەك بەخشینە بە لاَم بەخشین بەسەر خزمان دوو بەخشینە یەكێكیان بەخشینە و دووەمیشیان گەیاندنی خزمایەتیە، خێر و خێرات بەخزمی خۆت دوو خێرت بۆ دەنووسرێ، لە سەرەتاش باسمان كردن گەیاندنی خزمایەتی تەنها سەردان كردن ناگرێتەوە، بەڵكو دوعا كردن بۆیان و یارمەتی دانیان و لادانی ئازار لەسەریان و پێدانی پارە و خێر، ئەمانە هەموویان هەر گەیاندنی خزمایەتی دەگرێتەوە. لەكاتی بەخشین تا خزمی خۆت هەبێ مەدە خەڵكی تر چونكە خێرەكەی گەورەترە.

١١- ئاگاداری ئەم جۆرە سەردانە بە:

هەموو ڕۆژێك سەردانی یەك خزمت مەكە ئەمە كارێكی ناپەسندە و خۆتی لێ بپارێزە ، بەڵكو هەوڵ بدەی لە هەفتەی یەك جار یان لە چەند ڕۆژێك جارێك سەردانیان بكەی ، مەبەستت لە سەردان كردن خۆشەویستی و لێك نزیك

بوونــەوەی لێ بکەوێتــەوە بــەڵام ئــەو جــۆرەی کــە پێغەمبــەر (ﷺ) لێی ئاگادار کردینەوە ئەوەیە:

عن ابن عمرو بن العاص (رضى الله عنه) قال : قـال رسـول الله (ﷺ) (زُر غِبّاً تَزدَدْ حُبّاً) رواه الطبراني، الترغيب و الترهيب.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ سەردانەکەت بەو جۆرە بێ کە لە هەفتەیەك جارێك یان لە چەند ڕۆژێك جارێك بێ خۆشەویستتر دەبـی لـە لای خزمەکـەت. ئەگـەر هـەموو ڕۆژێـك لەسـەر یـەك سەردانی یەك خزم بکەیت لە جێگای ئەوەی خۆشەویست بیت زیاتر ڕقیان لێت دەبێتەوە و دەبێتە هـۆی ئـەوەی تـەکلیف و ئەزیـەت بخەیتـە سـەر خزمەکـەت ئەمـەش لـە ئیـسلامدا ڕەت دەکرێتەوە کە کەس کەسێکی تر ئەزیەت بدات.

**مۆژدەی گەورە و هەڕەشەی توند بۆ کەسی چاککەر و تێکدەری نێوان خەڵکی**

مەبەسـتمان لـە بـاس کردنـی ئـەم بابەتـە گەیانـدن لەگـەڵ پـچڕاندنی خزمایـەتی، ئەوەیـە کەپەیوەندیـەکی ڕاستەوخۆی هەیە.

تێکچوونی نێوان خزمان زۆربەی کـات کەسـێکی تێکدەر بـەم کـارە هەڵدەسـتێ، نێـوان خۆشەویـستان دەکـات و بـۆ چـاك کردنــی نێــوان خزمــان و لێــك نزیــك کردنــەوەیان پێویــستی

بەکەسی چاکەکار هەیە تا بتوانێت ئەم پچڕاندنە بگۆڕێت بۆ گەیاندن.

قال تعالى ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ﴾ الحجرات : ١٠

ئیمانداران برای یەکن و دەبێ نێوانیان چاك بکەنەوە کاتێك نێوانیان تێك دەچێت. کەواتە نابێ ئیمانداران دوژمنی یەکتر بن، یەکتر بکوژن و ڕقیان لە یەك ببێتەوە، وە هەرکاتێك دوو خزم و کەسمان بینی نێوانیان تێك چووە دەبێ نێوانیان چاك بکەینەوە چونکە چاك کردنەوەی نێوان مسولْمانان زۆر خێرو گەورەیە قال تعالى: ﴿ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ﴾ النساء : ١٢٨

عن ابي الدرداء (رضى الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) (ألا اخبركم بأفضل مِن درجة الصيام و الصلاة و الصدقة؟ قالوا : بلى : قال (إصلاح ذات البين ، فإن فساد ذات البينِ هي الحالقة ، لا أقول تحلق الشَّعر ولكن تحلق الدين) ابو داود و الترمذي، الترغيب و الترهيب.

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ئەرێ هەواڵی ئەو عیبادەتان پێ نەڵێم کە پلەکەی لە ڕۆژووگرتن و نوێژکردن و بەخشین



Scanned with CamScanner

گەورەتربێت ؟ فەرموویان بەڵێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چاک کردنەوەی نێوان دوو کەس ، وە تێکدانی نێوان دوو کەس ئەوە تاشینە ، فەرمووی ناڵێم مووی دەتاشی بەڵکو دین و ئیمانی لە دڵەوە دەتاشی و نایهێڵێ. بزانە ئەگەر دەتەوێ عیبادەتێك بزانی گەورەتر بێت لە نوێژ و ڕۆژوو و بەخشین، ئەوا هەوڵ بدە نێوان خەڵك و خزمان چاك بکەوە و خۆت ماندوو بکە سەردانی هەردوو لا بکە، هەتا درۆ کردن لەم کارە شتێکی ڕێ پێدراوە تا بتوانی دڵی هەردوو لا لێك نزیك بکەیتەوە، خۆ پاراستن لە تێکدانی نێوان خەڵکی واجبە نەکەی قسەی ئەو بۆ ئەو بگێڕیتەوە بە مەبەستی تێکدانی نێوان خۆشەویستان چونکە ئەم کردەوەیە بێ دینت دەکات، ڕەگی ئیمان لەناو دڵت هەڵدەکێشی.

عن أنس (رضى الله عنه) أنَّ النبي (ﷺ) قال لأبي أيوب : (ألا أدلك على تجارة ؟ قال : بلى : قال : صِلْ بين الناس إذا تفاسدوا و اقترب بينهم إذا تباعدوا) البزار.

پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبو ئەیوبی فەرموو : ئەرێ بازرگانیەکت پێ نیشان بدەم ؟ ووتی : بەڵێ : فەرمووی ئەگەر خەلکی نێوانیان تێکچوو بڕۆ چاکیان بکەوە، وە ئەگەر لە یەکتری دوورکەوتنەوە بڕۆ لێکیان نزیك بکەوە. بەڕاستی بازرگانیەکی

چاکە خێـر و خێراتـی زۆری تێدایـە بـۆ ئـەو کەسـەی ئـەو بازرگانیە بکات.

هەوڵ بدە نێوان خەڵکی چاك بکەیەوە بـە گێڕانـەوەی قسەی بـاش و ئامۆژگـاری و بـاس کردنـی کـەمی دونیـا و فێڵـەکانی شەیتان و گەورەیی ئەم تاوانە، وە باسـکردنی ڕۆژی دوایـی و باسکردنی مردن بۆ هەردوو لا تاکو دڵیان نـەرم بێـت. لێکیـان نزیك بکەوە بە دەعوەت کردنی هەردوو لا لەسەر یەك سفرە، وە بەهەر شێوازێك کە دەبێتە هۆی لێك نزیك بوونەوەیان.

لـە کۆتـایی دا داوا لـە مـسوڵمانان دەکـەم کـە مـەجلیس و دانیـشتنیان ئیمـانی بێـت تـا ببێتـە عیبـادەت و لێـك نزیـك بوونەوە. وە خۆیان بپارێزن لـەم تاوانـە گەورەیـە، وە بـەهیچ جۆرێك قسەی کەسی(نمام) قسە گێڕەوە قبووڵ نەکـەن و بـە درۆی بزانن و کاری پێ نەکەن، وە لە کاتی تووڕەبوون بڕیـار نــەدەن و شــەیتان بەنــەفرەت بکــەن و هــەموو کـات ڕەزامەنـدبوونی خـوای گـەورەیان لـە لا گـەورەبێت بـەدوای هـەنگاوەکان و پیلانـەکانی شـەیتان نەکـەون هـەردەم مـردن لەبەر چاومان بێت، وە بزانە دونیا کـاتێکی کەمـە و بڕاوەیـە، وە ئێمـە تیایـدا تـاقی دەکرێینـەوە. وە گیـانی لێ بـووردەیی پێغەمبەر (یوسف) (علی نبینا وعلیه الصلاة و السلام) لـەبیر

نەکەین کە ئەو هەموو ئەزیەت و خیانەتەی بینی، لە براکانی خۆش بوو هیچی لە دڵی نەما، تۆش لە خزمەکانت خۆش ببە و بە خراپەی ئەوان نەکەیت.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه والتابعين

**سەرچاوەکان:**


١: القرآن الكريم.

٢: الترغيب والترهيب من الحديث الشريف للمنذري/ تحقيق خيري سعيد، موافقة للأحاديث الصحيحة و الضعيفة للألباني، المكتبة التوفيقية ـ القاهرة/مصر.

٣: كتاب الإيمان لإبن تيمية، تحقيق: محمد الزبيدي، الدار الكتاب العربي، بيروت لبنان ط٣/ ١٤٢٣.


بسم الله الرحمن الرحيم

رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي

وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي

# سوودی سیلەی رەحم

- بەدەست هێنانی رەحمەتی خوای گەورە.
- پاداشت وەرگرتنەوە لەسەر دونیا.
- چوونە بەهەشت.
- فراوان بوونی رزق.
- تەمەن درێژ بوون.




چاپخانەی رۆژهەڵات/هەولێر

Scanned with CamScanner